- لە گەڵین.. باریانیس هەروەگ هاواری دەکرد، نیزیکتر دەبۆوە و تەماشای دوکانەکانی دەکرد.تاوێک وێستا و چاوە ڕوان مایەوە.: خودایە ! یانی چی؟ بۆ کەس سەر بەرزۆ ناکا تەماشای بکەن؟ بۆ کەس زار لێک ناکاتەوە گاڵتەی پێ بکات؟ یانی وای لێهاتوە کە تێدەپەڕێ و کەس فەرقی پێ ناکا کە ئەو سەگە یا کەرە یا باریابانیسە؟ ئاخ! کوڕینە دە شتێک بێژن، من باریابانیسم، ناتوانم، ئەدی کوا ئەو توێڵکە لیمۆیانەی دەتانهاویشت؟ بێدەنگی زاڵبوو. هەموویان مات، سەریان بە سەر کاری خۆدا بەردابۆوە. باریابانیس ترسی ڕێنیشت. چاوەکانی ماڵیەوەو وایەدزانی خەون دەبینێ.گززەو قەرتاڵەی داناو هاواریکرد:

- کوڕینە بۆ خاتری خوا! قسەم لەگەڵ بکەن. ئێوە خەریکن شێتم دەکەن، ئەو بەزمە چیە سازتان کردوە؟ کوا توێڵکە لیمۆکان لە کوێن؟

کەس چاوی لێ نەکرد و کەس دەنگی لەبەر نەهاتە دەر.باریابانیس دەستی کرد بە پاڕانەوەو گوتی:

- کوڕینە ڕەحمم پێ بکەن! من ئەوەتا لێرەم. ئێوە نام بینن؟ من کە هێشتا نەمردووم. لانی کەم شتێکم پێ بڵێن تا دڵنیا بم کە نەمردووم.

هیچ خەبەرێک نەبوو.کەس لە جێی خۆی نەدەبزوت. باریابانیس تووشی ترسێکی توند بوو. بە ورتە ورت گوتی: ؟ بێگومان سیحر کراوە. مەرگ بێرەدا تێپەڕیوە. نازانم پیلاو دروو مردون یا من نەماوم.ئەی هاوار لەفریام کەون.! »

گززەو قەرتاڵەی هەڵگرت و رایکرد. ئەوەدەم دەستیانکرد بە پێکەنین. وەستا کار لە سەر چوار پایە هاتنە خوار و دەستیان بە دڵیانەوە گرتبوو، هاواریان دەکرد: « بۆ پێشەوە باریابانیس بۆ پێشەوە! شەقامی گەورە لەبەر پێکەنین وەلەرزە کەوتبوو.

* * *

ئوسقوفی گەورە گوێی لە دەنگی قاقای پێکەنین بوو، هەستاو لە سەر جێگا دانیشت. سەرمای ببوو. مجێوری کلیسا هاتبوو بیشێلێو بەدەنی بە ئارەق داماڵێ. ئوسقوف پرسی:

- ئەم هەراو هوریایە چیە؟ هەر دەڵێی هەور دەگرمێنێ. نەکا دیسان بوومە لەرزە هاتبێ؟

مورتزوفلوس بە رووگرژی گوتی: « پایە بەرز لام وایە پێلاو درون دیسان گاڵتە بە ڕێبوارێکی فەقیر دەکەن. ئەوانە بۆچی شەرم نایانگرێ؟ ئێستا کە وەختی گەمەو گاڵتە نیە. دەبینی پایە بەرز؟ ئەو شەیتانانە کاری ئێمەیان وەدوا خست. »

ئوسقوف باسی وڵاتی روس و شاری کیێفی دەکرد کە چەند ساڵ لەو شارەدا ڕاهیبی عیبادەتخانە بوە. هەروەها باسی بەفرو گومبەزی تەلایی و کلیسا عیبادەتخانەیەکی ژێر زەمینی پڕ لە (پیرۆز)ەکانی دەکرد و دەیگوت:

- مورتزوفلوس! تا ئەوەدەمەی رووسیا هەیە مەترسێ. کۆمەڵی ئورتودوکس هەر زیندو دەبێ حکومەت دەکا.ئێستا مەسیح پەنای بۆ روسیا بردوە .ڕۆژێک بەو چاوانە دیتم چلەی زستان بوو کاتی ڕۆژئاوا مەسیح لیباسێکی لە چەرمی گای لەبەردابوو، چەکمەی درێژی لە پێ کردبوو. یەک یەک لە دەرگای ماڵەکانی دەدا. بەلام کەس دەرگای لێ نەدەکردەوە. من لە پشت پەنجەرەوە

www.kerimbisarani.com

پاشان دەچوە ژووریٚ ، شەمی هەڵدەکرد. بەم جورە هەموو پینج‌شەمۆ پیرۆزەکان قەشە لە کلیسا یا یانٚ نا، دەچوو نویٚژی دەکرد.، نیشانی خاچی دەکیٚشا، زاری لیک دەکردەوەو گۆشت و خوینی مەسیحی لە مەلاٚشوویدا هەست پیدەکرد کە وەک کرمیٚک بۆ نیٚو ریخۆڵەو هەناوی دەچوونە خواریٚ. بەلاٚم ئەم ساڵە پاڵەوان میکیٚلس بۆ هەوەڵین جار لە ژیانیدا، رۆژی پینج شەمۆی پیرۆزلە جیاتی بچیٚتە کلیساو نویٚژی بکا، بەیانی زوو لیی سواری ماینیٚ بوو، رکیٚف کوت بە دەشت و سەحرادا، تا گەیشتە خانووی کونستانتینی نوری بەگی. تۆزیٚک لەویٚ راوەستا، بەلاٚم هەر لەو ریٚگایەوە گەرایەوەو رووی دەلای دەریا کردو چوو بحەسیٚتەوە. بە پەریٚشانی دەیگوت:« تا ئەو شەیتانە لە ناخی مندا بیٚ، من نویٚژ ناکەم!»

لە تەواوی ساڵدا هیچ رۆژیٚک وەک رۆژی شەمۆی پیرۆز دریٚژ نیە. ئیٚوارەی ئەو رۆژە بە سەت نازو نیو ناز دیٚو بە لەنجە و لارەوە دیٚتە پیٚش و رادەوەستیٚ. هەنگاویٚک بۆ پیٚشەوە داویٚ و دوو هەنگاو دەکشیٚتەوە، ئاخری هەرناگاتیٚ. ئەوانەی بە رۆژوو بوون کاتیٚ بەلای ئەو تەندورانەدا تیٚدەپەڕین کە خواردنی بە تام و چیٚژ یان تیٚدا بوو، لاقیان لە دوا نەدەهات. کابان وەخۆ دەکەوتن و ماڵیان دەرازاندەوە. ئاگردان هەڵکرا بوون و حەسارەکان گەسک درابوون و ئاو پرژیٚن کرابوون. دڵەکان بۆ هەموان ئاوالە کرابوونەوە. هەموو چاوە روانبوون رۆژ ئاوا بیٚ و شەوی پربەرەکەتی راپەرینی مەسیح بە سە رشاردا بیٚ.

مادام کراسو گئورگیس، جاروبار دەستیٚکی بە بەر چاویەوە دەگرت و تەماشای رۆژی دەکرد، لە بەر بۆنی مریشکی نیٚو دیزە و عەتری کولیچەکانی ئادریوس لە تەندوری نانکەر هیٚنا بوونیەوە، بیٚحاڵ ببوو، لە بەر خۆیەوە دەیگوت :« ئەو خۆرە لەعنەتیەش راست ئەمرۆ جەنەی گرتوە و نایەویٚ ببزویٚ !»

مادام پیٚنلوب لە بەیانی پینج شەمۆی پیرۆزەوە هیٚلکەی رەنگ کردبوون . ئەو شاژنی بە دەسەلاٚتی متبەقی خۆی بوو. بە جەرگ و دڵی بەرخ شۆرباوی پاسکالی لیٚ دەنا. ئاغا دیمیتروسی میٚردی بە فەرمانی ئەو کەشەفی مس و دیزە بە دەستەوە لە نیٚوان ماڵ و نانکەردا لە هاتو چۆ دابوو. ژنەکەی پیٚی دەگوت :« گیانەکەم ئاغا دیمیتروس ! برۆ بارەکەلاٚ ! ئەو شۆ مەسیح زیندوو دەبیٚتەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە لاوی جۆانکیلەم کە ئەمشۆ ئیشتیای تۆم هەیە. تیٚدەگەی؟ هیوادارم ئەو هەموو گۆشت و کولیچە، قەیماخە بە خۆرایی نەچیٚ !»

ئاخرەکەی خوا دوعای مادام کراسو گئورگیسی قەبوڵ کرد و رۆژ ئاوا بوو. شەو لە گەڵ بۆنی شۆرباوی پیرۆزی پاسکاڵ شاری داپۆشی. گەڕەکی یونانیان پر بوو لە هاوار و خۆشی. ژنەکان دەستیان کرد بە خۆ جوانکردن. تەنانەت وانگلیوش جلی تازەی کردبوە بەر و خۆی رازاندبۆوە. لە حەساریٚ چاوەروانی براکەی بوو. داخوا براکەی دەهات لەگەڵ خۆیدا بیباتە کلیسا؟ ئەوە ئاخرجار بوو کە ئەم دوانە دە یانتوانی پیٚکەوە بچنە کلیسا. چونکە ساڵی داهاتوو دەبوایە چس‌گورگیش لە گەڵیان بیٚ.

لەو شەوەدا دوو کەس لە تەواوی شاردا بە پیٚچەوانەی داب و شویٚن بیریان لە خودا نەدەکردەوە. لە شەوی پیرۆزدا یەک لەم دوانە چەرکەسی جوانی لە ئامیٚزگرتبوو، ئەوی دیکەش لەسەردۆشەگ دانیشتبووسیغارلەسەرسیغاردووکەڵی بەبادەکرد.

ئیواریٚدا سەوزی و میوە کە مابا‌وە، فرۆشیار هاواریان دەکردو دەستیان لیٚک دەدان:
- بەلاش... بەلاش... ئەو دەم پیرە میٚردو مندالٚی فەقیر کە لە دەوروبەر دەسوورانەوە، تیٚ وەردەهاتن و هەرچەندی بۆیان چوویا، بە باخەلٚ و ئامیٚزە دەیانبرد.
پاش رۆژئاوا کاندی باشتر پشووی دەداو بە کاوە خۆ لە تاریکایی دا نوقم دەبوو. خەلٚک حەسارو مالٚەکانیان ئاو پرژیٚن دەکردو هەر شەوە لە مالیٚک کۆ دەبوونەوە و رایان دەبوارد. ئەویٚ رۆژیٚ یەکشەمۆ لە حەساری مالی بای «کراسۆگنۆرگیس» کۆ ببوونەوە. خاتوون لە دایکبوونی «ئاندریکۆس» کورە گەورەی جیٚژن دەگرت، کە لە رفاندنی کچی ئاغا «پاراسکەواسی» سەرتاش‌دا، لەگەلٚ تراساکی هاوکاری کردبوو. بای «کراسوگنۆرکیس» شانازی بە کورەکەی دەکرد کە لە توورە بووندا، قاپ و دەوری دەشکاندن و لە «پاسەمینی» قەرەواشیشی دەدا. ئەو شەوە بە شانازی لە دایکبوونی کورەکەی، ژنەکانی دراوسیٚی بە هەلٚوای خۆکرد بانگ کردبوو. ژنەکان لەگەلٚ هەلٚوا خواردن و پیٚ هەلاٚ گوتن، دۆعایان دەکرد کە خودا تەمەنی «ئاندریکۆس» دریٚژ بکا. ئەو لاوە ئەگەر لە چیایە، ببیٚتە پالٚەوان ونەگەر لە شارە، ببیٚتە تاجریٚکی دەولٚەمەند. خاتو «ماستراپاس» بە پیٚکەنینەوەوە لیٚی زیاد کرد و گوتی:
«کچی ئاغا (پاراسکەواس) سەرتاش بخوازیٚ و ئەو حەسارە پر بکا لە کوڕو کچ»!
لەو کاتەدا کە گشتیان خەریکی هەلٚوا خواردن بوون و گالتەیان دەکرد، مادام «پینلوب» بە دەنگی بزرکاو چاوی هەلٚمساو، هەر بەو کراسە شڕو چلٚکنەی کە لە مالیٚ دەبەری دەکرد، وەژوور کەوت. بەر لەوەی لەگەلٚ ژنەکان چاک و خۆشی بکا، دەستی کرد بە گریان. ژنەکان راست بوونەوە، دایان نا. خاتو «کراسوگنۆرگیس» شەربەتی ئالۆبالٚووی بۆ هیٚنا تا بیٚتەوە سەرخۆ. بەلاٚم لەگەلٚ شەربەت خواردنەوەش هەر دەگریا. لیٚیان پرسی:
- چ بوە، بۆچی دەگری؟
لەگەلٚ خواردنەوەی قومی ئاخری شەربەت، بە گریانەوە گوتی:
- دیمیترۆس...... دیمیترۆس- وای... خوایە... قەوماوە؟... نەخۆشە؟
- .... رۆیشتوە
- رۆیشتوە ؟..... بۆ کویٚ ؟
- چەترەکەی رەست راوەتیٚ و رۆیشتوە
- ئاخر بۆ کویٚ ؟
- دیسان وەچیا کەوتوە ...
- بۆ چی ؟ چی بەسەر هاتوە ؟
- هیچ ... جاروبار لەسەری دەدا... چەتری هەلٚدەگرێو دەڕوا. ئەوە تازە نیە.تا ئیستا چەند جار ئەو کارەی کردوە.دوا جار کەچەتری دەستدابەو رۆیشت کاتی شۆرشی سالی ١٨٧٨ بوو.
بای کریسانتی خوشکی پالٚەوان پولیکسینگیس لەکاتیٚکابە هەرتک دەست لەئەژنۆی خۆی دەدا،هاواری کرد کە ..
- ئەی وای... هاوسیٚ خۆشەویستەکانم، ئەوە نیشانەی خەراپە، بڕوا بە قسەی من بکەن .بیٚگومان شۆرش بەرپا دەبیٚ. من ئەو دەستانەم لەبارمتە دادەنیٚم کە شۆرش بەرپا نەبیٚ.

بیری چوبۆوە کە شەلەو ئیتر نەدەشەلی. خەلیفە بە گرژو مۆنی و خەمباری لە نێوە راستی ژوورەکەی ویستا بوو. کریت جارێکی دیکەش تووشی سەردەمێکی شووم و ئالۆز ببوو.

جەعلی تەلایی پێشنیاری کردو گوتی :

- باوکی پیرۆز ! تۆ بچوو پاشای ئاتێن ببینە و داوای لێ بکە چەک و ئازوقەمان بۆ بنێرێ،دەنا لە بەین دەچین. دیارە دەبێ خۆت ئەو سەفەرە بکەی.

خەلیفە پێشنیارەکەی رەت کردەوەو گوتی : « لەو کاتەدا کە گورگ پەیدا بوە، من مێگەلی خۆم بە جێ ناهێڵم. باشترە پاڵەوان ئەلیاس بچێ. »

پاڵەوان ئەلیاس تورە بوو گوتی : « باوکی پیرۆز ! من هێشتا لاق و چاوی ساخ و سلامەتم هەنە، من پیر نەبووم، دەتوانم فەرمان بدەم بە سەربازان. کەوابوو من ناچم، با حاجی ساواس بچێ. »

خەلیفە گوتی : «با یونانی فەقیر تووشی ئەم بەدبەختی و کێشەیە نەکەین. ئەو بەشی خۆی گیرو گرفتی هەیە. باشترە پشت بە هێزی دەوڵەتە گەورەکان ببەستین. بۆ نمونە رووسیای ئورتودوکس . »

پاڵەوان میکێلس گوتی : « من پێم وایە باشترە پشت بە هێزی پچوکی خۆمان ببەستین. بۆ نمونە بە هێزی خەڵکی دورگەی خۆمان. ئەوە بیرو باوەڕی منە . »

پاڵەوان ئەلیاس گوتی :«منیش لە سەر ئەو باوەڕەم. لە گورگیان پرسی : ملت بۆ وا ئەستورە ؟ گوتی : چونکە کارەکانی خۆم بۆخۆم ئەنجام دەدەم. »

ئیدومنەش وە زمان هات و گوتی: « هەموومان بچین هەر یەکە بەردێک بخەینە لەنگەرکای سودا. » بەڵام کەس گوێی نەدایە نیوە شەو بێ ئەوەی بڕیارێک بدەن بڵاوەیان کرد.

رۆژگار بە ترس و نیگەرانی رادەبرد. تورکەکان بە رۆژ لە بەر داهێزانی رۆژوو، ئاخافتنی هاندەرانەی بانگبێژ وەک مێگەلی رق هەستاو لە مزگەوت دەهاتنە دەر وچاویان وەک چاوی کوێران رەنگی شوشەی هەبوو. شەو کە دەیانخوارد و دەیانخواردەوە لە قاوەخانە کۆ دەبوونەوە. پاشان وەنێو گەرەکی یونانیان دەکەوتن و بۆ ترساندنی کافران کە لە ماڵی خۆیان کەوتبوونە گەمارۆ، تەقەیان دەکرد.

هەموو شەوێ کاتێک هەوا تاریک دەبوو، چەقۆ کێشی تورک تا گەروو دەیانخواردەوە، عەلیاغا بە نهێنی بە کۆلانی تاریک و چۆلدا خۆی دەگەیاندە ماڵە پاڵەوان میکێلس وئەوەی لە دەرەوەو لە قاوەخانە و لە خاوەن ماڵەکەی بیستبووی، بۆی دەگێڕایەوە.. دە یگوت :« ئەمڕۆ ئیمامی شار لە فلان مزگەوت ئاوای گوت. لە قاوەخانە ئاخافتنەکەی ئەویان ئاوا لێک دەدایەوە. بانگبێژ دەیەوێ مەسیحیەکان قەلاچۆ بکرێن. بەڵام فلان بەگ دژی ئەوەیە. »

عەلیاغا خۆی نەیدەویست ئەو دراوسێ باشانە قەلاچۆ بکرێن. چونکە ئەو دەم ئێواران رووی لە کوێ دەکرد بچێ قسان بکا و نانێکی بخوا. ئەو بە ورتکە نانی دراوسێکان بە رێدەچوو. بێجگە لەوە ئەو وەک کتکی گەڕەک لە ئاست دراوسێکان هەقناس و بە ئەمەگ بوو.

شەوێکیان سێ جار لە دەرگایاندا. عەلیاغا بە پەشۆکاوی وە ژوور کەوت. لە سەر نیو تەختێکی پچوک لە پەنا عەمبارێ دانیشت و دەرو دراوسێ لێی کۆ بوونەوە. هەناسێکی



www.kurdish.com

تورەیی و ترسی لێ دیار نەبوو.

کاتێکی تورک دیتیان پاڵەوان لێیان وەنیزیک دەکەوێ، دەستیان راگرت. ئەو کافرە چی بە گیانی ئەوان دەویست، دەهات شەڕیان لەگەڵ بکا؟

پاڵەوان میکێلس چوە پێش و بەواش دەستی درێژ کرد تا بە نێویاندا رێگای تێپەڕ بوون بۆ خۆی بکاتەوە. تورک رێگایانداو قوت بوون تا بزانن چدەکا. چەقۆکانیان نوشتاندەوەو چاوەڕوان بوون. پاڵەوانگوێچکەی پاراسکەواسیگرت ولەپڕسەرەوچاوی گرژ و تورە بوون. وەپێش خۆیداو گوتی : یالاَ بڕۆوە ماڵی خۆت ئیتر نەتبینمەوە.

پاراسکەواس ملی حیزکرد و لە کاتێکا هێشتا گوێچکەی بە دەست پاڵەوانەوە بوو بەرەو ماڵی خۆیان کەوتە رێ. تورک بێ ئەوەی زمانیان بگەرێ رێگایان بۆ چۆلکرد کە بڕوا. پاڵەوان جارێکی دیکەش بە تورەیی دەنگیدا :

. یالاَ بڕۆوە ماڵێ زووبە ! پاراسکە لە هەوەڵین کۆلاَندا ونبوو. تورک واقیان وڕمابوو، لە جێی خۆیان نەبزووتن. تەماشای پاڵەوانیان دەکرد کە هەروا بە هێدی و لە سەرخۆ بۆ لای دوکان دەگەڕایەوە.

تراساکی بە ئافەرین و سەر سوڕمانەوە تەماشای بابی دەکرد. نیزیکبوو پرسیارێکی لێبکا، بەلاَم بێدەنگی پێباشتر بوو. پاڵەوان میکلس لە پشت مێز دانیشتەوەو دەستی دایەوە قەڵەم تا نامەکەی تەواو بکات:«تاوێک پێنوسەکەم دانابوو تا کارێکی پچوک راپەڕێنم، بەڵێ برازام، بزانەو ئاگادار بە کە مانوساکاسی مامت ......».

www.kerimbisani.com

ماموستا له دلدا دەیگوت :« گیانم چس‌گورک : لیندە، چاکت بۆ هاتوە. تا ئێستا بەسترابووی، ئێستا بووی بە پیاو. ئیشەلا هەزارسالی دیکە دەژی» وەهای تەختی خەویْ وەلەرزە خستبوو ،دەتگوت ئێستا تێکی دەقرمێنیْ. بەیانی کە چوە حەساریْ دەستو چاوی بشوا چاوی بە کوری سیْسالەی ژنەکەی کەوت، لە قوژنێک ونستا بوو خێسەی لیندەکرد. چس‌گورک ترسا. بیری کردەوە دەبیْ هەتیو شتێکی زانیبیْ. نەکا بچیْ بە باوکی بلیْ. لە مندالەکە چوە پێش، بۆ ئەوەی دلخۆشی بداتەوە. دوو سکە دراوی هێنا دەرو بۆ لای کورەکەی راداشت. هەتیو بە تورەیی دەستی وەلاناو گوتی : تۆ دوێنیْ شەو گازت لە دایکم دەگرت، ئێستا پارەم دەدەیەی. دراوەکەی بە سەروسەکوتی داداوە.

چس‌گورک گەرایەوە . دەستی دا خورجینەکەی کە پێشتر نان و زەیتون و پەنیر و شەرابی تێنا بوو. مالاوایی لە ژنەکەی کرد کەخەریکی جیْ هەلگرتن بوو. چس‌گورک کەوتە ریْ. لە مەیدانی گوندی لە بن دارچنار خەلکێکی زۆر کۆ ببوە. دەرگای مالەکان دەکرایەوە. گوندی‌یەکان کە گوییْیان لە هەرا هەرا ببوو، بە غار دەهاتەدەر و روویان دەکردە مەیدانی گوندی. لەو کاتەدا قەشەیەک بە سەروسەکوتی پەرێشان و لاقی خوێناوی ، بە هەناسە بڕکە گەیشتە نێو گوندی و هاواری کرد: « برایان ! باوکە پیرەکانی دێری عیسای مەسیح منیان بۆ لای ئێوە ناردوە. حەسەن بەگی سەردار بە لەشکرێکی گەورەی سەرباز و چەتەوە لە کاندی وەدەر کەوتوە و ئێستا دێری گەمارۆ داوە. ئێوە دەبیْ لە فریامان کەون. ئەدی پالەوانی ئەم گوندە لە کویْیە ؟ برایان دەست دەنە چەک !»

بەلام پالەوان هێشتا لە ئامێزی ژنی چەرکسی دابوو. بە بیستنی هەراو هوریا وەخەبەر هات و لە جیْ دەر پەڕی. بەلام نەیدەتوانی بە بیْ شالوار بێتە کۆلان. ناچار خۆی گۆڕی، چەکمەی کردە پیْ و دەمانچەی لە خۆ بەست و بەرەو شوێنی کۆبوونەوەی خەلک ڕۆیشت.گەیشتیْ باسکی قەشەی مالوێرانی گرت و گوتی :

. ئەو هەرا هەرایەت لە چی‌یە؟ ئەم خەلکە بۆ دەترسێنی؟ قەشەی لەعنەتی. ئەوەی تۆ باسیان دەکەی ئاخر هەر تورک نین ؟ دلنیابە حیسابیان پاک دەکەین .

www.kerimhisami.com

شەوورۆژ بە نێو بەفردا رایاندەدان.

دەم بە دەم دەتوانەوە. لەلای راست و چەپ هەرجارە یەک وەعەرزی دەکەرت. زۆربەی کەوتوەکان ژن و منداڵ بوون. نوئیمی زۆر زۆر دەگریا. کسماس دەستی لە قەدی وەرهێنابوو گوتبووی: تۆ خۆت چۆن رزگاریت هات ؟

کیژەکە لە پڕ هاواری کرد بوو : نازانم ... هیچ لە من مەپرسە ...!

کسماس دەستی بە پرچەکانیدا هێنا بوو، پرسیبووی : « باشە ئەم ئێوارەیە بۆ کوێ دەچوی بۆ وا بە پەلە بووی؟»

نوئیمی سەری هەڵێنابوو گوتبووی : « من بریاری خۆم دابوو یەکێ لە ژنە دۆستەکانم ئەو کەوا نارنجیەی دابوو بەمن. سەرم شوشتبوو، پرچەکانم بە شانە کرد بوو دەرۆیشتم. لێرە نۆزێ ڕێنستابوو. پاشان لە سەرە خۆ گوتبووی: دە رۆیشتم خۆم بکوژم و کۆتایی بەم ژیانە بێنم .»

کسماس داهاتبۆوە دەستەکانی ماچ کرد بوو. پاشان گوتبووی : وەرە با برۆین !

. بۆ کوێ ؟

. لە گەڵ من وەرە نوئیمی ... گوتم بۆ کوێ؟

. بۆچی دەپرسی ؟ ... بڕوا بە من ناکەی ؟من هێشتا نازانم تۆم خۆش دەوێ یان نا. بەلاٚم بە تەنیا بە جێت ناهێڵم. هەموو تۆیان بە جێ هێشتوە، بەلاٚم من بە جێت ناهێڵم .

کیژی جوان سەری پەرداپۆوە. کسماس بە تاریکی روخساری نە دەبینی. مات و هێندی چاوەروان بوو. هەستی دەکرد کیژی بێ کەس لە گەڵ باپیرەکانی کە ماڵی جولەکان بوون، راوێژ دەکات. خەریکە بریار بدا. لە پڕ نوئیمی سەری هەڵێنابوو بە دەنگێکی کپراولێبڕاو گوتبووی : با بڕۆین! دەستەکانی بۆ لای لاو درێژ کردبوو.

* * *

ئاخرەکەی مانگ ئاوابوو دنیا تاریک داهات. دایک و خوشک لە ژووری خوارەوە بە خەبەر بوون و بە سەبروکە قسەیان دەکرد. کسماس دەنگی ئارام و یەک هەوای دایکی دەبیست، وەک دەنگی رووبار دەچوو لە شەودا! سەگێک بە سۆز قوڕاندی و پاشان بێدەنگ بوو. لە حەساری بۆنی ئەو ریحانانە دەهات کە سەردەمی گەنجایەتی حەساریان بۆندار کرد بوو.

ریحانەو گوڵی خەنەو یاسەمین، یاری کۆن و خۆشەویستی ئەو بوون. کسماس هەناسەی قوڵی هەڵدەکێشاو هەر وەک حەساری ماڵی بابی زەینی پڕ لە گوڵ و گوڵدان بوو.

چالاٚوێکی ساردیش لە حەساریدا بوو. لە بەر خۆیەوە بیری دەکردەوە : ئەوەش نیشتمانی من... ئەوەش ئەم خانوە ی لە نێویدا گەورە بووم، ئەوەش ژنی من .!›

لەو کاتەدا کە کسماس بیری لەو شتانە دەکردەوە و عەتر و فێنکی ماڵەکە هەموو لەشی داگرتبوو، پەنجەرەی ژووری خوشکی کرایەوە. سەعات دەبوایە لای نیوە شەو بێ. کسماس تاوێک گوێی هەڵخست. هەموو شوێنێ مات و بێدەنگ بوو. پاشان لە کۆلاٚندەنگی هەنگاوان دەهات. ریبوارێکبوو، وەدرنگی کەوتبوو. لە پڕ دەنگێکی خەفەتاوی و گیراو هات و پرسی :نیوە شەو تێپەریوە ئاغا؟ ..نیوە شەو رابردوە ؟ دەنگی پێ برا، پەنجەرە پێوە دراوە. جارێکی تر ماتی و

. دەڵێی چی باریابانیس ! عەلیاغای فەقیریش لە گەڵ خۆمان بەرین. ئەو نەتورکەو نە یونانی. نەپیاوەو نەژن. بەڵام هەرتکیانیشە. با بچین ئەویش بەرین. ئەگەر ئەو لەگەڵبێ، لە ڕاستیدا نوێنەری هەموو میللەتان چۆتە کن پاشا.

باریابانیس کە لە خۆشیان دەیویست هەموو دنیا لە باوەش بگرێ، گوتی:« باوابێ ئەفەندی لەعنەتی! بۆنا! ئەویش گیان لەبەرێکە . هەرچەندە دیار نیە ژنە یاپیاوە. بەڵام ئەو فەقیرەش هەقیەتی میداڵ وەر بگرێ. هەرتکیان بە ڕۆخی دەریادا هاتنە خوارو گەیشتنە گەڕەکی پاڵەوان میکێلس و لە دەرگای عەلیاغایاندا. لە حەسارێ دەنگی تەق تەقیلان هات و پاشان دەنگێکی گیراو گوتی: « کێ یە ؟»

. دوو کەس لە دۆستانی تۆن عەلیاغا، دەرگا بکەوە بە قازانجتە.

. بڕۆن بە دوای کاری خۆتاندا. من دەترسێم. دۆستی چی؟ کام دۆست ؟

ئەفەندم هاواری کرد : « منم عەلیاغا، منم .. ئەفەندیە تەرسە !»

دەرگا کرایەوە. سەروکەللەی پیرە مێردێکی خواجەی ڕەنگ زەردی چرچ وەدەر کەوت. لەو کاتەوە کە جیرانەکانی فەلە ڕۆیشتبوون، ئەو فەقیرە نەیدەوێرا بچێتەکن هیچ کەس. مەسیحی بڕوایان پێ نەدەکرد و موسوڵمانیش دەریان دەکرد. هەموو ڕۆژێ بەیانی دەچوە مەزرایە، سەوزی کۆ دەکردەوەو بە بێ ڕۆن زەیتون دەیخوارد. گۆزەوی دەچنی و دەیفرۆشت. لە چاوە ڕوانی ئەو ڕۆژە کە خەڵک ئاقڵ بن و دراوسێکانی بێنەوە سەرژیانی خۆیان، ئانێکی ئەمر ئەژی پەیدا دەکرد. ئەوکاتەی دراوسێکانی دەگەڕانەوە ڕۆژگاری ئەویش خۆش دەبوو. دەچوە دیتنیان، ئەوانیش قاپە چێشتی گەرمیان لەپێش دادەنا.

باریابانیس بەزەیی بەو پیرە مێردە هەژارە داهات و گوتی: « وای عەلیاغا ! ئەوە بۆ وات لێهاتوە ؟»

. نەخۆشم باریابانیس . زۆر نەخۆشم. سەیرم کە ناتوانم دابێمەوە. هەموولەشم دێشێ. منی هەژار !

ئەفەندم پرسی : « ئامادەی لەگەڵ ئێمە بێیە کن پاشای؟»

پیرە مێرد ترساو گوتی:« کن پاشا ؟ بچین چبکەین ؟ من ناچمە هیچ کوێ ..»

باریابانیس گوتی: « بە قازانجتە، تۆش میداڵ وەر دەگری ..»

پیرە مێرد لە کاتێکا دەرگای لەسەر پێوە دەدان گوتی :« بۆ خاتری خوا وەدوای کاری خۆتان کەون و دەست لە من هەڵگرن .»

باریابانیس بە ئەفەندی گوت : « وازی لێ بێنە با بڕۆین. ئەو کابرایە کەلاکە و دە بزوێ .»

هەرتک کەوتنە ڕێ. گەیشتنە مەیدان و لە بەرماڵی پاشا ڕاوەستان. لەوکاتەشدا پاشا دەهاتە دەرێ. کاتی پاشایان دیت، گوتیان: « پاشا ئەفەندم ! تاوێک ڕاوەستەو تەماشامان کە .

پاشا کە ئەوانەی دیت، دای لە قاقای پێکەنین و گوتی :

کەللە کەر چتان دەوێ، ئەم گاڵتەیە چیە ؟

ئەفەندم وەک هەمیشە دێخونی پسابوو، شاڵواری بە دەستی ڕاگرتبوو تا نەکەوێ، شیری درێژی باریابانیسی لە لاقانی تێ پەڕیبوو، دەهات بکەوێ. هەرتکیان کاتی ڕۆیشتن بەلادادەهاتن.

www.kerimhisami.com

